# تەسکبینی وکورت بینی دوونەخۆشی ترسناک ... جەمال فەتاح

بەشێکی زۆری نوسەران یان ڕاستربڵێم بەناونوسەرانی کورد توشی نەخۆشینی تەسکبینی وکورت بینی بوون. ئەوکەسانەدێن وهەموشت لەخۆیان ولەخوێنەریش تێک ئەدەن بەکورتی دۆودۆشاو بەسەر یەکدا تێکەڵ ئەکەن. دێن وسەرکەوتنەکانی باشوری کوردستان هەموی بەتێکشکان ودۆڕان وهەتا هەندێکیان بەتاوان وخیانەتی ئەژمێرن. یان سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی باشور بەتاوانبارو دیکتاتۆرو خۆسەپێن وهتد. . ئەدەن لەقەڵەمەکانیان. لێرەدا نمونەی تەنها دوو لەونوسەرانە دێنمەوەو پاشان دریژە بەباسەکەمان ئەدەین. :جەزا چنگیانی ئەڵێت:ئێراقی بوون بێ شەرەف بوونە. یان ئەڵێت سەرکردەی گەوج بەری گەوجی کۆمەڵگایە. . . خاڵەحمە ئەڵێت:شەڕی گەل ودەسەڵات ڕووئەدات، ئەم شەڕە بەکۆتایی هاتنی دکتاتۆرە ڕەزاگرانە کانی کورد ئەبێت کەخۆیان پیرۆز کردووە وەک مێردەزمە سوار شانی گەورەو بچوکی میللەتەکەی خۆیان بوون وهتد. . من خەم لەوەناخۆم هەندێک نوسەری کاڵفام ورەوشت لارو دەرون شێواو هەڵەی ئەدەبی ورۆشنبیری ونەتەوەیی ئەکەن. بەڵام خەم لەکەسێک وەک خاڵەحمە دەخۆم کەبۆچی هەرچی سەرکەوتنی کوردستانی باشورە لێی گۆڕاوە بەتێکشکان وهەر هەرچی عەدالەتی دیموکراسی وپاراستنی مافی مرۆڤ هەیە لێی گۆڕاوە بەدکتاتۆریەت وملهوری وهەرچی خۆبەخشین وخۆشەویستی بۆجەماوەر هەیە لێی گۆڕاوە بەڕەزاگرانی وهەرچی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان هەیە لێی بووە بەوێرانی وکاولکاری وهەرچی پێشکەوتن وخزمەتی گەل هەیە لای ئەوگۆڕاوە بەدواکەوتن ومالوێرانی وچاوەڕێ ئەکات بوایە جەماوەر لەدڵسۆزانی کوردو کورانی ڕۆژی تەنگانەوخزمەت گوزارانی کوردستانی باشور ڕاپەڕێت ولەناویانبەرێت؟؟!!. ئەمە لەکورت بینی وپشوتەنگی بەولاوە چیترەخاڵەحمە کە ئەوانەش نەخۆشینی کوشندەن بۆمرۆڤی ڕۆشنبیر. لەکاتێکدا سەرکەوتنەکانی کوردستانی باشور گەیەنراوەتە لێواری سەربەخۆیی یەکجاری، لەکاتێکدا دیموکراسیەتی کوردستانی باشور هەر چەند بێکەمو کوریشنیە بەڵام کراوە بەنمونە بۆ22 دەوڵەتی عەرەب کەزیاتر لە1400 ساڵە خاوەنی کیان ودەوڵەتن. وەکراوە بەنمونە بۆ ئێران کەزیاتر لە 2600 ساڵە خاوەنی کیان ودەوڵەتە وەئەتوانم بڵێم لەناوچەی خۆرهەڵاتی نزیکدا دیموکراسیەتی گەلی کوردستانی باشور تاکەنمونەیە. لەلایەکیتر ئەودەسە لاتەی کوردستانی باشور لەهەر چوارلاوە بەدوژمنانی دڕندەو سەر سەخت دەورە دراوە بەهەموو شێوەیەک هەوڵی لەناوبردنی ئەدەن وهەوڵ ئەدەن ئەودەنگە ئازادی خوازانەیە و ئەوشەپۆلە دیموکراسیە کپ بکەنەوە چونکە بەمەترسی گەورەی ئەژمێرن بۆسەر دەسەڵاتی ڕەشودیکتاتۆرانەیان. پارێزەرانی دەسکەوتەکانی کوردستانی باشور بەدەستێک چەکی پارێزگاری لەدەسکەوتەکان وبەدەستەکەی تریان خزمەتی جەماوەر ئەکەن ونیشتمان ئاوەدان ئەکەنەوە بەبیریان ئالای نیشتمانی کورد هەڵئەکەن وبەهەستیان پارێزگاری لێئەکەن ئیتر بۆچی هەندێک لەخودی کوردیش شانبەشانی زورناژەنانی داگیر کەرانی کورد هەوڵی ڕوخانو لەناوبردنی بدەن.

لەلایەکیتر شەرەف هەرچییێت. ئەگەر نیشتمان پەروەری و وەلای نیشتمان بێت، ئەگەرڕاستگۆیی وبێ هەڵەیی بێت، ئەگەر ڕەوشتو ئاکاری بەرزبێت، ئەگەر دەست پاکی وداوێن پاکی بێت، ئەگەر دەم پاکی وزمان پاکی بێت، ئەگەر بەدەر برینی جەزا وەفابێت بۆناو لنگی ئافرەت، ئەوا ئەمانە هیچی جەزاچنگیانی ناگرێتەوە. بۆیە هەموتاکێکی کورد بۆی هەیە باسی وشەی شەرف بکات بەڵام جەزا بۆی نیە چونکە ئەو ڕۆژانە لەسەر شاشەی

میدیا كان وسایتەكانەوە باسی ناولنگی هاوسەرەكەی خۆی بۆخوێنەران ولاوان ئەكات. لەلایەكیتر ئەبێت كام تاكی كۆمەڵگا لەجەزا چنگیانی گەوج تربێت واكۆمەڵگای كوردستانی باشور بەگەوج ئەژمێرێت ویان سەركردەكانی كوردستانی باشور بەگەوج ناوئەبات. خو ورەوشتی بەرزو ئەدەب جوانە بۆمرۆڤی كورد بەڵام كەشكاو لەدەست دەرچوئەوكاتە مرۆڤە بێرەوشتو ئەدەبەكە لەرێزی مرۆڤی كورد دا نایەتە ژماردن، ئەگەر بشیەتە ژماردن وەك خەڵتەی كۆمەڵ دێتە ژماردن. بۆیە راوسەرنجەكانی جەزا وەك روخسارو كۆشكی كەسایەتی جەزا یەتە ژماردن لەلای كورد، كۆشكی كەسایەتی جەزا لای هەمومان ئاشكرایە بۆیە پێویستە هەركەس بەقەد بەرەكەی خۆی پای درێژبكات.

وەرەخنەی بەجێو دروستكەرانە ئەورەخنانەی كەبۆكوردەو بۆبەرژەوەندی كورد دێنە گرتن شایانی رێزن. وە هەموكەس شایانی هەڵەكردنە بۆیە هەموكەسیش شایانی رەخنە لێگرتنە. بەڵام شمشێری كول لەكێشەی میللەتێك هەڵكێشان وسەركردەو لایەنە شۆرشگێرەكانی باشوری كوردستان بەتاوان بارودیكتاتۆر ناوبردن وئەوگشت خزمەت وئاوەدان كردنەوەو بوژانەوەیەی كوردستان وئەوگشت سەربەستی ودیموكراسی وپاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان وئەوگشت پێشكەوتنە ئیداری وئابوری ورۆشنبیریەو هتد. . بەتاوان وخیانەت بخاتە ژێرقەڵەم ئەمە جێگای گومانە لەلای خەڵكانی رۆشنبیرو خەباتگێر.

ئەگەر مرۆڤ رەخنەگر بێت ورەخنە لەدەسەڵاتدارانی كوردستان بگرێت پێویستە بەدوچاوی دۆستانەی گەش هەمورویەكی راستیەكان ببینێت نەك بەچاوێكی دوژمن كارانە بروانێتە كێشەكان وكێچێك بەگایەك بژمێرێت ئەگەر رەخنەمان لەكەسێكی خەباتگێرو رابردووپاك گرت پێویستە باری چاكەو باری هەڵەی بەوردی هەڵبسەنگێنین وروی راستی بخەینەروو بۆكۆمەڵانی خەڵك، نەك بەلۆجیكێكی كورتبینانەو دوژمن كارانە بیخەینە بەر رەخنەی روخێنەرو بێ ئامانج وجەنگیزخان ئاسا شمشێری كول هەڵكێشین بۆسەر برینی لەپاش ملە بریاری مردنی بدەین.

هەمومان ئەزانین لەرابردوودا كورد چەند چەوساوەوماڵوێران بووە وئێستاش لەسێ پارچەكەی تری كوردستاندا چەند چەوساوەو تەپەسەرە ئەوتاكە رووناكیە لەكوردستانی باشوردا لەژێر سایەی بارودۆخی نێودەوڵەتی وناوخۆیی یەوە وەلەسایەی نزیكی یەك سەدە خەباتو قوربانیداندا ئەوچرایە هەڵكراوە بۆكورد ئێستاش پێویست ناكات كۆمەڵەكەسێك شانبەشانی دوژمنانی نەتەوەكەمان دژی ئەوتاكە روناكیە رابوەستن. تەنها دژبن بەبێئەوەی تاكە برگەیەكیان پێبێت بۆ گەشەكردنی كوردو بۆچاك سازی. راست وایە هەمورۆشنبیرانی كورد هەفتانەو مانگانە پێشنیاری بەجێ پێشكەش بەدەسەڵاتی هەرێمی كوردستان وسەركردایەتی سیاسی كوردستانی باشور بكەین هەروەها ئامۆژاریان بكەین وپرۆژەی باشوبەكەڵك بخەینە پێشدەمیان بۆگەشەكردنی كوردستان لەگشت رویەكەوە نەك تەنها رەخنەی روخێنەرو دوژمن كارانە بگرین. چونكە ئەوقەوارەیەی باشوری كوردستان وەك دەسەڵاتەكانی تورك وعەرەب وفارس نیە كەسەدان یان هەندێكیان هەزاران ساڵە قەوارەو دەوڵەتن و هیچ مەترسیەكی لەناو چون لەبەردەمیاندا نیە ئەوقەوارەیە تائێستاش دەیان تیمساحی دوژمنی نەتەوەكەمان دەمیان بۆكردووەتەوە بۆقوتدانی. بۆیە ئەركی هەركوردێكی دڵسۆزە بەتایبەتی رۆشنبیران كە بەرگری لەدوژمنانی بكاتو پارێزگاری لێبكات نەك دژی بوەستین. لەلایەكیتر لاوازبوونی ئەوقەوارەیە لاوازی هەموكوردە وبەهێزبوونیشی بەهێزبوونی هەمووكوردە. ئەگەر ئەو قەوارەیە تیابچێت هەمومان دڵنیابین كە تادێر زەمانە دەستی كورد ناكەوێتەوە واتە بەكوژانەوەی ئەوچرایە چرای سربەستی نەتەوەكەمان ئەكوژێتەوە. بۆیە نابێت لەپێناوی سیاسەتی تەسكی پارتێك یان لەبەر ئەوەی ئێمە لەكوردستان بەرپرس نین یان موچە خۆرنین لەبەر چاوی بەخالەت

وبەرژەوەندی پەرستی هەموشت بەئاوەژۆ ببینین وبەچاوی دوژمن سەیری دەسەڵاتی کوردستان بکەین، ئەگەر وابیرمانکردەوە ئەوە هەڵەیەکی ئاشکرامانکردووەو نوسینیش ماڵە لەسەر خاوەنەکانی.
وەک ئەوڕەخنانەی سەرەوە هیچ لەبەرژەوەندی کوردنین. سەرنجەکانی منیش پیشگیر نیە بۆگەندەڵی وکارە خراپەکانی هەندێک نابەرپرسی هەرێمی کوردستان. بۆیە پشتگیری گشت ڕەخنەیەکی دروستکەرانەم نەک ڕوخێنەر ودژە کورد. . .

جمال فتاح
2005/9/30